# كانوونی نووسه رانی كوردستان/ رۆژهه ڵات

دوای زیاتر له ساڵێك ئاماده كاری له نێو خۆ و ده ره وه ی وڵات،ئه مرۆ 03.10.2004 به ئاماده بوونی ژماره یه ك نووسه ر و رۆشنبیری كورد له وڵاتی نۆرویژ یه كه مین
كۆنفرانسی دامه زرانی كانونی نووسه رانی كوردستان/ رۆژهه لات
كۆتایی به كاره كانی خۆی هێنا به سه ر كه وتوویی
كۆنفرانس كاتژمێر 12 نیوه رۆ ده ستی به كاره كانی كردو دوای خویندنه وه ی راپۆرتی كاری یه ك ساڵی رابوردو، زۆر به وردی باس له سەر بارو دۆخی رۆشنبیری كوردی به گشتی و بەتایبه ت بارو قۆناخی ئه ورۆی رۆشنبیرانی كورد له رۆژهه ڵاتی
كوردستان كرا پاشانیش بەشدار بووانی كۆنفرانس به زۆرینه ی ده نگ بریاریان له سه ر نێوی رێكخراوەكە ، دامه زراندن و هه ڵبژاردنی یەكەم ده سته ی به رێوه به ری‌دا و له پرۆسەیەكی ئەمرۆژییانەدا یەكەمین لێژنەی به رێوه به ریان بۆ كانوونی
نووسه رانی كوردستان(رۆژهه ڵات) هه ڵبژارد .
بریار وایه له رۆژانی داهاتوودا كۆبوونه وه یه كی به ر فراوان له ئۆسلۆ پێته حێ وڵاتی نۆرویژ به ئاماده بوونی ژماره یەكی زۆرتر له دڵسۆزانی كورد ، له هه موو چین و تویژه رۆشنبیر و نیشتمان په روه رەكانی گەلەكەمان ،پێك بێت و زۆربەی ناوه ند و رێكخراوه رۆشنبیرییه كوردی و نۆرویژی‌یەكان بۆ ئەوكۆبوونەوه گشتی یه بانگهێشت بكرێن و هه رلەوكۆبوونەوە فراوانەدا دامەزرانی كانوونی نووسه رانی كوردستان (رۆژهه ڵات ) به شێوەیەكی فەرمی راگه یندری .

03.10.2004 ئۆسلۆ

كانوونی نووسه رانی كوردستان، رۆژهه ڵات
Knk_rojhelat@yahoo.com